فەلسەفەی ئاڤستا

بنەمای دین و زمانەکانە



نووسین و تۆێژینەوەی
ئیبراهیم ر. سورچی

خوێندنەوەیەکی نوێیە بۆ مێژووی فەلسەفەی زمان

32575

هەولێر ٢٠١٠

Preview sample - page 1 of 4 - Soran University Academic Digital Library



وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

ناوی کتێب: فەلسەفەی ئافستا بنەمای دین و زمانەکانە
نووسینی: ئیبراهیم ر. سورچی
نەخشەسازی ناوەرۆك: ئەژین عبدالله
چاپ: چاپخانەی رۆشنبیری
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (140) ساڵی (2010)ی پێی دراوە.

* مافی چاپکردنی پارێزراوە بۆ وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و خاوەن کتێبەکە
* ئەم کتێبە و کتێبەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان لەسەر ئەم سایتە بخوێنەوە
www.kurdchap.com

Preview sample - page 2 of 4 - Soran University Academic Digital Library

سەردتا

بەلکە یەکێك یان کەسانێك پرسیار بکات و بڵێت مرۆڤ نەیتوانیوە و ناتوانێت بزانێ زمان(ناو و رێزمانی زمان)کەی و چۆن دروست بووە، یان کێ دروستی کردون، چۆن ئەم زمانانە بەر لە مێژوو و نووسینی مێخی هەبوونە، یان هیچ شتێك یان کەردستەیەکی بەردەست و بەرچاومان نییە بۆ ئەوەی سوودی ئەوتۆی لێ ودبگیرێ لە شیکار و لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا، بۆیەش مرۆڤ بۆ ئەو مەبەستە پەنای بردوتە بەر هەندێ قسە و ئەفسانەی بێ بنەمای زانستی کە لێرد و لە وێ پەرت و بلاۆن و پشتگیری و بەڵگەی ئەمرۆی زانستیش نایسەلمێنن.

بەڵام زمانزانان و لێکۆڵەرەوە وردبینەکان درك بەوە دەکەن کە خودی زمان کەردستەیەکی باشە و مادەیەکی شوێنەواریە بۆ شلۆفەکاری و لێکۆڵینەوەی مێژوویی، هەر زووش هەست بە هاوبەشی و وێکداچوونەوەی پەیف و قسەکان لە نێوان زمانی جیاجیا دەکەن، بەڵام نازانن ئەم وێکداچوونە چۆن چۆنی دروست بووە و لە چی بنەڕەتێك هاتووە، یان بە شێوەیەکی ڕوونتر نازانن ئەم وێکداچوونەوە ڕێك بخەن و سیستەمێك بۆی دیاری بکەن کە بتوانن بەردو بناخە و بنیاتی سەرهەڵدانی زمانان بەرنەوە، تاکو پەژراندن و قەناعەتیش بە خوێنەر بکەن کە ئەم هەموو زمانانە لەخۆڕایی و بە بێ سیستم دروست نەبوونە، یان ئەم هەموو پەیف و وشەی جۆراوجۆر بە هزرتێکردنێکەوە کەس ناتوانێت هەڕدمەکی دایانبڕێژێت نەوها بێ رژێم و لەسەری رێککەون، یان خولقێنەرێکی هەبووە ودك هەر شتێکی ئەم گەردوونە هۆکار و سەددم و سەبەبێکیان بۆ خۆیان هەیە.

زمانیش لە ئەساسێك هاتووە و سازکەرێك، یا چێکەرێکی هەبووە، یان لە دەزگایەك یا ڕژێمێك هاتووە کە بە قوناغی یەکەم هەنگاوی ناقڵمەندی شارستانی مرۆڤی بەرایی دادەنرێت ودك هەوڵێك بۆ ڕێکخستن و تێگەیشتن لە ژیان و دیاردەکانی جیهان و درك کردنی زیاتر بە خودی مرۆڤ خۆیشی بەرامبەر بە یەکتر و بەرامبەر بە سروشت.

نا لێرەدا، ئەم کتێبە گەڵاڵەکردنی خوێندنەوەیێکی مێژوویی فۆلۆلۆجییە بۆ ڕێکخستن و بە سیستمکردنی ئەم وێکداچوونەی نێوان وشە و پەیڤی زمانە جیاجیاکان بە تایبەت

Preview sample - page 3 of 4 - Soran University Academic Digital Library

ئەوانـەی لێـرەدا لـە مەڵبەنـدی میزۆپوتامیـا و مـات کـوردا سـەریان هەوڵـداوە، دواتـریش بلاوبوونەتەوە سـەر کیشوەری تـر و بوونەتـە بەشێك لـە زار و زمـانی جـودا و جیـاواز، کـە پێمان وایە ئەو پەیف و وشانەی شێوەیان وەك یەکترد و ڤێکداددچن، هەرچەندە بۆ مانـای جیاجیا براون بەڵام ئەوانە بناخە و سەرچاوەی هاوبەشیان هەیە و هەبووە.

هەروەها چۆن زمـان، دینـی دروسـت کـردووە و ئەسڵ و ئەساسـی مرۆڤیشـی پەیوەسـت و ناوێتە بەو ڕژێمەی زمان(ناو و زاراوەکان)ی کردووە..

دواتـر مرۆڤـ لەو کەرەستەی زمانەوانییـەوە، ئەفسانە و چـیرۆکی جیـا جیـای داهێنـاون و بڕواشی پێ کردوون.ئەوانەی وەك پاشماوەیەکی میتۆلۆژی تـا ئێستا مـاون و هەنـدێکیان لـە نـاو فەرهـەنگی زمـان و ڕۆشـنبیری ڕۆژانەمانـدا ڕۆڵ دەگێـرن و بـەکاریان دەهێـنین، کـە بـۆ سەردەتایێکی زووی مێژوو دەگەڕێنەوە، کاتێ مرۆڤـ ڕۆژ و مـانگ و ئەستێرەی دەپەرستن و بە خوداوەندیشی دەزانین.

زمانیش بۆ ناو وکردارەکانی ئەو خوداوەندانە، مرۆڤـ گەڕاندونیەتـەوە، هـەروەها بـۆ ئـەو دابەشکردنەی میتافیزیکیـەی گـەردوون وەك چـۆن مـرۆڤ هـزری تێـدا کـردووە بـەبینینێکی ساکار و سەردەتایی کە ڕەمز و ناوەکانی زمانیشی پێ داڕشتون.

Preview sample - page 4 of 4 - Soran University Academic Digital Library